



# خاوەنداریێتی لە پەنابەرانی کەمپی ئاڵتاش ئەرکێکی نەتەویە !

لە ماوەی 30سال دەسەلاتداری رژێمی کۆماری ئیسلامی دا جگە لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی نادیموکڕاتیک و دژە مرۆڤیانە، کە بۆتە هۆی قەیرانە قوڵەکانی کۆمەلایەتی و سیاسی هیچ بەرهەمێکی تر بۆ دانیشتووان و هاولاتیانی ئەم ولاتە پێک نەهاتووە.لە سەروی هەموشیانەوە کێشەی گەلی کورد رۆژبەرۆژ قەیراناوی تر بوەو بۆتە هۆی کارەساتی گەورەی دژەمرۆڤی، و رەوشی پەنابەرانی کەمپی ئاڵتاش گەورەترین نموونەیە.

هەروەکوو دەزانرێت پەنابەرانی کەمپی ئاڵتاش کەبەهۆی سیاسەتی نادیمۆکراتیکی رژێمی ئێران کۆچبەر بوون بە سالانە لە دژوارترین بواری ژیانی دا ژیانیان کردووەو هەردەم لەبن مەترسی کارە ترۆریستیانەی ئەم رژێمە دا بوون.

ئێستاکەش 81 کەس لەم کەمپەوە بەنیازی پەنابەر بوون بەیەکێک لە ولاتانی رۆژئاوا بەرەو ولاتی ئۆردن وەرێکەوتوون و بە نزیکبووبەوەیەک کە دژی پێوانەکانی مافی مرۆڤە لە لایەن دەلەتی کاتی ئێراق و ئوردن روبەڕوو بوونەتەوە.

ئێمە لێرەدا وەک پارتی ژیان ئازادی کوردستان پشگیری خۆمان لەم پەنابەرەکوردانە دەردەبڕین و هاوکات دەنگی نارەزایەتی خۆمان لەبەرامبەر نزیک بوونەوەیەی ئەم ولاتانە دەردەبڕین و داوا لە رۆشنبیران دەکەین کە لەم کاتەدا بێدەنگ نەمێنن و داوا لەگەلی کوردیش دەکەین کە لەم پەنابەرە کوردانە خاوەن دەربکەون.

**پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)**

2005-01-30